# ئەو


چرۆ ڕانیەیی

ئەو

شیرینتر

لەدڵ و هەناسەم
ئەوەی کە لە ژیانما شك دەبەم

تەنها و تەنها خامەکەمە،

کە بتوانم تۆزێ لە ئازارەکانی ڕۆحمی

پێبەیان بکەم.

لەگەڵ نووسینەوەی هەر یادگارییەکا

فرمێسکی چاوم تنۆك تنۆك

دەڕژێ بەسەر خەمەکەما

ئەمە زەمانە

وا دڵڕەقانە ئازاری ڕۆح، دەدا

ئاخر خودایە!

تاوانی من چی بوو

جگە لەڕۆحی سوتانم

بۆ هاوڕێبوون؟